# چۆنێتی
# نوێژی جەژنی ڕەمەزان

**ئامادەکردنی**

**کامەران شێخانــی**

**لە بڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئاشتی**

www.ashtyk.com

**ژمارە( ۲۷ )**

**چاپی ( دووەم)**

الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله (ﷺ) محمد وعلى اله وصحبه ومن والاه.

وەك لە هەموو بووارەکانی ژیاندا خوای گەورە موسڵمانەکانی بێبەش نەکردوە لە شێوازی تامو چێژکردنی دونیا ، بەڵام بەو شێوەی، کە زیادە ڕەوی تێدا نەکرێت، وە هەموو میللەتێك و کۆمەڵگایەك شێوازی خۆیان هەیە لە چۆنێتی کردەوەکانیاندا، وە جەژنیش یەکێکە لە نەریتی (عادات) کومەڵگا، وە ئیسلامیش جەژنی داناوە بۆ موسڵمانان بەڵام دوای ئەنجامدانی دوو کرداری زۆر گەورە، کە شایەنی دڵخوش بوونە لە لایەن ئەنجام دەرانێوە . ئەو دوو کردەوەش دوو ڕوکنی ئیسلامە، کە بریتین لە ڕۆژوو و حەج .

**جەژن** : هەر ڕوژێکی دیاری کراو خەڵکی تێیدا کۆبووە خۆشیان تێیدا گێڕا و کرداری تایبەتی تێ کرا ئەوە جەژنە، وەك جومعە و هەردوو جەژنی ڕەمەزان و قوربان .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێك هاتە مەدینە بینی خەڵکی مەدینە دوو جەژنیان هەیە خەڵکی تێیدا یاری و خۆشی تێدا ئەکەن فەرمووی :(( قدمت عليكم ولكم يومان تلعبون فيهما في الجاهلية ، وقد ابدلكم الله بهما خيراً منهما : يوم النحر ويوم الفطر ))

ابوداود١١٣٤ والنسائي واحمد وغيرهم.



واتە: کاتێك هاتمە لاتان ئێوە دوو جەژنتان هەبو تێیدا خۆشی ویاریتان دەکرد، بەڵام خوای گەورە دوو جەژنی باشتر لەو جەژنانە پێتان بەخشی ، ئەویش جەژنی قوربان و جەژنی ڕەمەزانە .

## حوکمی نوێژی جەژن

زانایان بۆچونی جیاوازیان هەیە، هەندیك ئەڵێن سونەتە هەندیك ئەڵێن واجیبە، بەڵام بە هێزترین بۆچوون ئەوەیە کە واجیبە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) و هەواڵانی بە بەردەوامی ئەنجامیان داوە، ئەگەر جومعە و جەژن لە یەك ڕۆژدا کۆبونەوە ئەوە جەژنەکە جومعەکە هەڵئەگرێت لە سەر موسڵمانان. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر واجیب بوونی جەژن، چونکە جومعە واجیبە بە بەڵگەی قورئان و سونەت. وە هیچ واجیبێکیش هەڵناسێت لە سەر موسڵمانان ئیلا بەواجیبێکی تر نەبێت .

## چیبکەین لە ڕوژی جەژن

١- موسڵمان ئەبێ دڵ خۆشبێ لەو ڕۆژەدا، چونکە ڕۆژی پاداشتی کردەوەکانی مانگێك لە مل کەچ بونێتی بۆ یەکێك لە گەورەترین فەرمانەکانی خوای گەورە، کە ئەویش ڕۆژو گرتنە .

٢=خۆششتن وخۆڕازاندنەوە و لەبەرکردنی جوانترین جل وپۆشاك و بۆن خوش کردن .